www.kurdistannet.org
13-4-2007 0:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕوونکردنەوەیەک لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی بۆ سایتی کوردستان نێت

ماوەیەکە سایتی کوردستان نێت چەند بابەتێك دەربارەی مردنی سی منداڵ لە بەشی (ئۆنكۆلۆجی) شاری سلێمانی بڵاودەکاتەوە، بۆیە ئێمە وەکو ڕاگەیاندنی وەزارەت بەپێویستی دەزانین ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەین،

سەرەتا دەڵێین خۆزگە هەرکەسێك شتێك لە سایتەکان یاخود ڕۆژنامەکان بڵاودەکاتەوە لەسەر هەر دام و دەزگا و کەسێك دەنوسی با بە بەڵگە و دوور لە تەشهیر بێت، ئێمە وەکو وەزارەت بەڵگەی زیندوو واقعیمان لەبەر دەستدایە و ئامادەین لە کاتی خۆیدا ئەگەر هەر لایەنێك داوابکات بۆی بخەینە ڕوو.

سەبارەت بەوەی کە بەڕێز وەزیری تەندروستی هەڕەشەی لە بنەماڵەی ئەو منداڵانە کردبێت ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین، وەزیرێك زۆربەی ژیانی بۆ خزمەتی میللەتەکەی و پاراستنی تەندروستی ژیانی پێشمەرگە لە شاخ و خزمەتکردنی منداڵانی لادێکانی ئەوساو شارەکانی ئێستا تەرخان کردبێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو تۆمەتە نارەوایانە یەکناگرێتەوە، لەلایەکی دیکەوە جەنابی وەزیری تەندروستی لە شاری هەولێر نیشتەجێیە و سەرپەرشتی هەرسی فەرمانگەی تەندروستی و سەدان نەخۆشخانە و بنکە تەندروستی و دام و دەزگای تر دەکات لە هەرێمی کوردستاندا، دێت و دەچێتە بەشی (ئۆنكۆلۆجی) شاری سلێمانی بۆ ئەوەی هەڕەشە لە نەخۆش بکات، تۆ بڵێی کەسێك هەبی بەم وتانە بڕوا بکات؟؟

ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی داوا لە دایك و باوکی ئەو نەخۆشانە دەکەین بێن بە فەرمی داواکانیان پێشکەش بکەن و کی بە تاوانبار دەزانن با پەنجەی بۆ درێژبکەن ئێمە ئیجرائاتی یاسایی خۆمان دەکەین، دیارە ئەو بابەتانەش پێویستە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە ڕاست و ڕەوانی بخرێتە ڕوو نەوەکو پارێزەری وەهمی بە ناوەکانی (نەبەز، هەڵۆ، کەمال، .... ) هتد بێنە پێشەوە و بە ناوی نادیار شتی نادیار و نارەوا و ناڕاست هەڵبەستن.

لەلایەکی دیکەوە بەشی (ئۆنكۆلۆجی) ڕوونکردنەوەی تێر و تەسەلیان بڵاوکرد و تەوە و ڕاستیەکانیان بۆ هەموو لایەك خستۆتە ڕوو ئەویش وەکو لایەنێکی پەیوەندیدار بەو باسە.

سەبارەت بە گرفتی دەرمانیش دیارە هەموو لایەك دەزانن کە پارەیەکەی لە بەغداوە دێت، بۆیە کەم و کورتی تێدا دروست دەبی، بەڵام بۆ بەشی ئۆنكۆلۆجی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان (3000 000) سی ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە ئەویش بۆ دەرمان و پێداویستیە پزیشکیەکانی ئەم بەشە هاوکاتیش لەگەڵ لیستێکی ئامادەکراوی تایبەت بە دەرمان بە بڕی (160 000) سەد و شەست هەزار دۆلار.

لەگەڵ ڕێزدا.
ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.